# عەفرین: لە شەڕی سووریاوە بۆ شەڕی ڕۆژئاڤا

19-03-2018

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** عەفرین: لە شەڕی سووریاوە بۆ شەڕی ڕۆژئاڤا

پ.د. بیلال سامبوور |

لەو کاتەی هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا دەرکەوت، لەم ڕۆژانەدا تورکیا لەشکرکێشی زۆر گەورەی کردە سەر عەفرین. پلانی لەشکرکێشی بۆ سەر عەفرین لەبەر ئەوەی کراوەتە بەشێك لە دۆخی جەنگی ستراتیژیی، دەمێکە ئامادەکاری بۆ دەکرێت. لە دەسپێکردنی ئۆپەراسیۆنی عەفرینەوە، سەرۆککۆماری تورکیا و بڕیاربەدەستانی ئەم وڵاتە لە چەندین بۆنەدا بەڕاشکاوی جەختیان کردووەتەوە، لەشکرکێشی سوپای تورکیا تەنیا لە ئۆپەراسیۆنی عەفرین سنووردار نابێت، بەڵکوو دواتر بەرەو منبج و ڕۆژهەڵاتی فرات درێژەی پێدەدرێت. تورکیا بۆ دەرخستنی هێزەکانی سووریای دیموکراتی، لە ناوچەکانی وەك منبج و ڕەققە و بۆ لەناوبردنی کانتۆنەکانی عەفرین، جزیرێ، کۆبانێ و کۆتاییهێنان بەفیدرالیەتی باکووری سووریا، ئۆپەراسیۆنی عەفرینی ئەنجامدا.

تورکیا هەم لەڕێگەی سەربازییەوە و هەم لەڕێگەی گوشاری دیپلۆماسییەوە دەیەوێ ڕۆژئاڤا کۆنترۆڵ بکات و لەسەر ئاستی پلاتفۆڕمی نێودەوڵەتی ڕێگری لە ڕۆژئاڤا بکات بۆ ئەوەی نەبێتە ڕۆژەڤی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. عەفرین بووەتە ئامانجی سەربازیی و دیپلۆماسیی تورکیا. سوپای تورکیا و سوپای سووریای ئازاد یەکدەستبوون و بەهێرشی زەمینی و ئاسمانی ئۆپەراسیۆن بەڕێوەدەبەن. تورکیا بۆ مانەوەی خۆی، ئۆپەراسیۆنی فراوانی هاوشێوەی قەڵغانی فرات و ئێستاش چڵە زەیتوون ئەنجامدەدا و ئەمەش بابەتێکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە هەر دەکرا ئەنجام بدرایە. زۆرینەی ڕایگشتیی تورکیا لەگەڵ ئەوەدان ئۆپەراسیۆنی سەر عەفرین ئەنجام بدرێت و بۆ تەواوی ڕۆژئاڤا درێژەی پێبدرێت.

حکومەتی تورکیا پشتیوانی سەداسەدی ڕایگشتیی بەدەستهێناوە بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە. هەدەپە، تاکە لایەن و پێکهاتەی سیاسییە، سەرکۆنەی ئۆپەراسیۆنەکە دەکات و ڕەخنەدەگرێت. بەهۆی هەوڵەکانییەوە بۆ ڕێگریکردن و سەرکۆنەکردنی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، هەدەپە کەوتووەتە ژێر گوشارێکی زۆر سەخت و لەرادەبەدەر و بەچاوی گرووپێکی تیرۆریستی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. دەتوانین بڵێین بێکاریگەر دەکرێت و هەوڵی دوورخستنەوەی لە سیاسەت بووەتە مژارێکی گەرمی ناوخۆی ئەم وڵاتە.

تورکیا لە ساڵی 1984ەوە لەدژی پەکەکە دەجەنگێت. بەهۆی جەنگی سووریا، سیاسەتی تورکیا لەدژی پەکەکە و کوردەکانی دەرەوەی سنوورەکانی خۆی رادیکاڵتر و توندئاژۆتر بووەتەوە. هەر لەسەرەتای جەنگی سووریا، تورکیا هەوڵە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی کورد لە باکووری سووریا واتە لە ڕۆژئاڤا، هیچ دەسکەوتێکی ئیداری و سیاسی دەستنەکەوێت. بۆ ئەمەش، ڕێوشوێنی توندی جۆراوجۆری گرتووەتەبەر. دوای ئەوەی پەیەدە هەژموونی خۆی بەسەر باکووری سووریا سەپاند و کارگێڕی کانتۆنەکانی جزیرێ، کۆبانێ و عەفرینی دامەزراند و بەپشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هێزەکانی سووریای دیموکراتی بەزۆرینەی پێکهاتەی پەیەگەی ڕێکخست و سوپایەکی بەهێزی بۆ دامەزراند، تورکیا مەترسی لێنیشتەوە بەوەی پەکەکە لە باشووری سنوورەکانیدا دەوڵەت پێکدەهێنێت.

لە ڕۆژانی 6/8ی تشرینی یەکەم ڕووداوەکانی کۆبانێ و ئۆپەراسیۆنی خەندەقەکان، ناوبانگ و ڕۆڵی ڕۆژئاڤا بەشێوەیەکی خێرا ڕەنگیدایەوە و لەو کاتەدا تورکیا بیرۆکەی هێرشکردن و نەخشەڕێگای دەسوەردانی داڕشت. تورکیا دۆخەکەی بەڕاددەیەك قووڵکردەوە، ئەم پرسەی کرد بە پرسی ئاسایشی نیشتمانیی و هەڕەشەی سەر سنوور و سەروەریی وڵات. بەمەش تورکیا هەموو توانایەکانی خستەگەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە لەناوخۆی تورکیا و ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆشی بۆ دەسپێکردنی هەمان ئۆپەراسیۆن لە سووریاشی نیشانداوە. ئۆپەراسیۆن بۆ سەر عەفرین بەجیهاد و "سێوی سوور" ناسێندراوە وبە سورەی فەتح دەستپێکراوە. دەهۆڵی نەتەوەپەرستی و نەژادپەرستی لێدرا و دەستکرا بە بەرزکردنەوەی دروشمی سێوی سوور کە ئاماژەیەکە بۆ خەونی گەورەی نەتەوەی تورك کە ئامانج یەکێتیی و یەکگرتنی قەوارەی تورکەکانی هەموو جیهانە. لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، کۆنترۆڵکردنی ڕۆما یان ڤیەننا بە سێوی سوور ناسێندراوە. ئەوسا کۆی ڕایگشتیی، جموجۆڵ و لەشکرکێشی سوپای تورکیان بەجیهاد و جەنگی سەرکەوتن پەسندکرد و پشتیوانی تەواویان لێکرد.

تورکیای ئەمڕۆش بە بەکارهێنانی چەمك و مێتافۆری جیهاد و سێوی سوور، هەستی ئایینی و نیشتمانپەروەری بۆ لووتکە بەرزکردەوە. ئۆپەراسیۆنی عەفرینە گەیشتە پێگەیەك کە لەرووی ئایینی و نیشتمانپەروەرییەوە هەرگیز قابیلی تاوتوێکردن و باسکردن نابێت و پێویستە بۆ سەرخستنی، هەموو شتێك بکرێت. هەر لە سۆنگە و بنەمای جیهادی ئایینی و باوەڕی سێوی سوور و هەستی

نیشتمانپەروەرییەوە، هەوڵەکان چڕکراونەتەوە بۆ دژایەتیکردنی سەربازیی و دیپلۆماسیی بۆ لەناوبردنی کانتۆنەکانی باکووری سووریا و فیدرالیزمی رۆژئاڤا و بەدەرخستنی یەکجارەکییان لە پرۆسەی دانوستانەکانی سۆچی و جنێڤ.

سیاسەتی ئەمریکا ئەوەی دەرخستووە، مانەوەی هێزەکانیان لە سووریا کاتی نییە و هەمیشەییە و دوو هەزار سەربازییان لەم وڵاتەدا هەیە و لە داهاتوویەکی نزیکدا قەبارەی سەربازیی و دیپلۆماسیی لە سووریا زیاتر و فراوانتر دەکات. تورکیا، ئێران و رووسیا نیگەران و نارەحەتن لە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و بۆ وەدەرخستنی هێزەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی فرات، تورکیا، ئێران و رووسیا هاوپەیمانێتییان پێکهێناوە.

ئامانجی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، پەیوەندی بە ئەنجامی رێککەوتنی ئاستانە نەبووە کە ناوچەی دامالْدراو لە شەڕ پێکبهێندرێت. بەڵکوو ئامانجی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، لەناوبردنی کانتۆنی عەفرین و رێگریکردن بووە لە لکاندنی کانتۆنی عەفرین بە رۆژئاڤا و داخستنی ئەو رێڕەوەی کە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست دەکرێتەوە. بە سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە عەفرین، درێژە بە ئۆپەراسیۆنەکە دەدرێت و هەنگاوی داهاتوو خۆشتردەکات بۆ چوون بەرەو منبج و تەواوکردنی ئەو ستراتیژییەی کە تورکیا لە ناوچەکەدا دایڕشتووە.

تورکیا دەخوازێ بە کۆنترۆڵکردنی عەفرین، تەواوی ئەو ناوچە سنوورییانە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. ئۆپەراسیۆنی عەفرین، بەرهەمی تاکتیک و پلانێکی بژاردەی ستراتیژییە. عەفرین بنچینەیەکی بەهێزی رێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژی پەکەکە و پەیەدەیە. تورکیا پێیوایە بەم ئۆپەراسیۆنە رێگری تەواو  لە تەشەنەنەکردنی پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیای پەکەکە لە سووریا دەکات. بە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فرات، تورکیا جوگرافیایەکی زۆری کۆنترۆڵکرد و توانی بەشێوەیەکی بەرچاو عەفرین گەمارۆ بدات. عەفرین نزیکترین خاڵە بۆ گەیشتن بە سنووری دەریا. بە دیوێکی دیکە، خەونی جیۆستراتیژی گەیشتنی کورد بۆ سەر دەریا لەگۆڕدەنێت. وەك چۆن کەرکووك بۆ باشوورییەکان بایەخێکی تایبەتی هەیە، عەفرینیش بۆ رۆژئاڤا بایەخێکی بێسنووری هەیە. جیاکردنەوەی کەرکووك لە باشوور وەك چۆن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەسیستەماتیکی بەرنامەی بۆ داڕێژرا و هەماهەنگی بۆ کرا، بۆ عەفرینیش لەسەر هەمان ئاست بەشێوەیەکی سیستەماتیکی و بەرنامە بۆ داڕێژراو هەماهەنگی بۆ دەکرێت و خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بۆ رێگریکردن لە گەیشتنی کورد بە دەریای سپی ناوەڕاست و جیاکردنەوەی عەفرین لە رۆژئاڤا، ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون ئەنجامدرا. لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەدا تورکیا بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانیی و سنوورەکانی، پێویستە گورز بوەشێنێت. بەڵام پاساو و گوتارەکە گۆڕدرا. ئێستا تورکیا دەڵێت تا هەتایە میوانداری لە پەنابەرە سوورییەکان ناکەین، پێویستە پەنابەرە سوورییەکان بگەڕێنینەوە شوێنەکانی خۆیان و لە سووریا دوبارە نیشتەجێیان بکەینەوە. لەرێگەی ئەم ئۆپەراسیۆنهوە، خەڵکی ناوچەکە زێدی خۆیان چۆڵدەکەن و عەرەب و تورکمانەکانیش لەم ناوچەیە نیشتەجێدەکەن. لەراستیدا مەبەست و ئامانجی سەرەکی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی گۆڕانکاری دیموگرافی لەم ناوچەیەدایە.

ئۆپەراسیۆنی عەفرین دەرخستەی ئەوەیە کە بۆ تورکیا کێشەی سەرەکی کورد و کوردستانە هەم لە ناوخۆی تورکیا هەم لە دەرەوە. ماوەی 35 ساڵە تورکیا لەدژی پەکەکە دەجەنگێت. بەرەنگاربوونەوەکەی بۆ باکووری عێراق و سووریاش فراوان کردووەتەوە. بۆ ئەوەی کورد لە عێراق و سووریا نەبنە خاوەن پێگە و قەوارەیەکی تایبەت بەخۆیان، تورکیا هەموو توانا، دەسەڵات و هێزەکانی خۆی بەکارهێناوە و دەهێنێت. تورکیا لە سەرەتاوە راشکاوانە رایگەیاند کە رێگری  لە پێکهاتنی هەموو جۆرە قەوارەیەکی کوردی دەکات و بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فرات و ئێستاش بە ئۆپەراسیۆنی عەفرین، نیازەکەی بەکردار جێبەجێکردووە.

رووسیا ئۆپەراسیۆنی عەفرین بۆ بەرژەوەندی خۆی بە هەل و دەرفەتێکی گەورە هەڵدەسەنگێنێت. هێرشی هاوبەشی سوپای تورکیا و سوپای سووریای ئازاد بۆ سەر عەفرین رووسیای دڵخۆشکردووە. چونکە تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەدژی هێزەکانی هەسەدە دەجەنگن، ئەو هێزەی کە ئەمریکا ساڵانێکە مەشق و راهێنانیان پێدەکات و کردوویەتییە گەورەترین هاوپەیمانی خۆی لە ناوچەکەدا. هاوکات رێگەخۆشکەر دەبێت بۆ دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا و دواتر دەگاتە ئاستی قەیرانێکی گەورە. تورکیا هەڕەشە لە ئەمریکا دەکات بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی بۆ سەر منبج و جەختیش لەوە دەکاتەوە ئەو سەربازە ئەمریکیانەی بەرگی سەربازیی یەپەگەیان پۆشیووە دەکاتە ئامانج.

بەمەش دۆخێکی ناهەموار سەرهەڵدەدات کە دوو ئەندامی ناتۆ رووبەڕووی یەکدی دەبنەوە کە تورکیا و ئەمریکایە و لەنێوانیان کەلێنێکی گەورە دروسدەبێت بە ئەندازەیەکی وا کە پڕکردنەوەی سەخت دەبێت. بۆ ئەوەی هیچ پێکهاتەیەکی نوێ لە سنووری باکووری سووریا دروسنەبێت، تورکیا ئامادەیە خۆی بخاتە نێو گەورەترین مەترسییەوە، بەرادەیەك لاری نییە بەرامبەر ئەمریکاش بوەستێتەوە. رووسیا پشتیوانی لە تورکیایەك دەکات کە لە ئەمریکا و ناتۆ دووربکەوێتەوە و قەیران لە نێوانیان سەرهەڵبدات کە سەرەنجام تورکیا بەهۆی ئەم قەیرانانەوە لە رووسیا نزیکدەبێتەوە. رووسیا رێگەی بەتورکیا دا ئۆپەراسیۆن بۆ سەر عەفرین ئەنجام بدات بۆ ئەوەی ستراتیژییەتی ژێرخانی تێکدانی پەیوەندیی تورکیا و ئەمریکا و ناتۆ دروست ببێت.

کاتێك تورکیا ئۆپەراسیۆنی عەفرینی دەسپێکرد، ئەمریکا ماوەیەك بێدەنگ بوو، دواتر رایگەیاند کە ناوچەکە لەژێر هەژموونی ئەودا نییە، بە واتایەکی دیکە تیشکی سەوزی هەڵکرد بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆن ئەنجامبدرێت. بەڵام ئەمریکا دەیەوێ ئۆپەراسیۆنەکە سنووردار بێت و لەماوەیەکی کەمدا کۆتایی پێبێت و بەعەفرین تەواو ببێت. ئەمریکا نایەوێ تورکیا بڕەنجێنێ و لە هەمان کاتیشدا نایەوێ هەسەدە لە دەستبدات، بۆیە هەوڵدەدات هاوسەنگی بپارێزێت. تورکیا بەردەوام پێداگری لەوە دەکات دوای عەفرین هەنگاو بەرەو منبج دەنێ و دەیەوێ ئەمریکا ناچار بکات کە بەپێی ستراتیژییەتی خۆی لە باکووری سووریا سیاسەت بکات و دەستبەرداری هاوپەیمانەکەی بێت کە هەسەدەیە.

لە ئەگەری ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بۆ سەر منبج و رۆژهەڵاتی فرات، قەیرانێکی گەورە لەنێوان تورکیا و ئەمریکا سەرهەڵدەدات. چونکە منبج و رۆژهەڵاتی فرات، هێڵی سووری ئەمریکایە. ئەمریکا ناتوانێ سیاسەتی هاوسەنگی لەنێوان تورکیا و هەسەدە بپارێزێت، ئەگەر بێتو تورکیا لە منبج ئۆپەراسیۆن بکات. تورکیا دەیەوێ گوشار بخاتە سەر ئەمریکا لە منبج یان رۆژهەڵاتی فرات و نایەوێ لەگەڵ ئەمریکا بجەنگێت. تورکیا نایەوێ لەگەڵ ئەمریکایەك کە تاکە زلهێزی جیهانە بجەنگێ و سەربازی ئەمریکی بکوژێت، بۆیە هەوڵدەدات خۆی لەم دۆخە بەدووربگرێت. ئامانجی سەرەکیی تورکیا وەشاندنی گورزە لە هەسەدە و یەپەگە، بۆیە بەردەوام پەیام ئاراستەی ئەمریکا دەکات کە خۆی لەم هێزانە بەدووربگرێت و لە ریزیاندا نەوەستێت.

ئەمریکا سیاسەتی مانەوەی درێژخایەن لە خاکی سووریا پەیڕەودەکات. پێویستە ئەمریکا روونی بکاتەوە کە سیاسەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە سووریا و عێراق پەیڕەوناکات. ئەمریکا دەیەوێ کوردی رۆژئاڤا لە چوارچێوەی سووریادا مافی زیاتر وەربگرێت. بەڵام تاوەکوو ئێستاش وەك چۆن ئەمریکا سیاسەتێکی روونی لەبارەی داهاتووی سووریا نییە کە چی جۆرە سیستەمێکی بەڕێوەبردن دەخوازێ، بەهەمان شێوە روون نییە کە دەیەوێ کورد چ پێگە و دەسەڵاتێکی پێبدرێت. هەروەها وەك چۆن ئەمریکا خاوەن بیرۆکەی دامەزراندنی کانتۆنەکانی کوردی نییە، بەهەمان شێوەش پشتیوانیان نەبووە. ئەمریکا لەبەرامبەر بلۆکی دیمەشق، ئێران، مۆسکۆ و بەپاساوی بەرەنگاربوونەوەی داعش کە پێیوایە پێکهاتەیەکی ئیسلامی سوننی توندڕەوە، هاوپەیمانی هەسەدە، یەپەگە، پەیەدەی دامەزراندووە و لەگەڵیانە. ئەو پشتیوانییەی ئەمریکا بۆ هەسەدە، یەپەگە، پەیەدە دابینیدەکات، سنووردارە. ئۆپەراسیۆنی عەفرین باشترین بەڵگەیە لە سنووردارابوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا لەگەڵ هەسەدە و پەیەدە. ئەمریکا لەسەر حیسابی عەفرین، مامەڵە لەگەڵ تورکیا دەکات. دەتوانین بەم شێوەیە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین کە لەبەرامبەر هەڵکردنی چرای سەوز بۆ تورکیا، ئەمریکا دەخوازێ تورکیا لە بەرەی ئێران و رووسیا دووربکەوێتەوە.

ئەمریکا و رووسیا لەبارەی ئۆپەراسیۆنی عەفرینەوە خاوەن هەڵوێستی هاوبەشن. سەرباری ئەوەی ئەمریکا داوایکردووە ئۆپەراسیۆنەکە سنووردار بکرێت، لە هەمان کاتدا دەسوەردانی بۆ نێو عەفرین بەشێوەیەکی راشکاوانە رەتکردووەتەوە. رۆژئاڤاییەکان پێیانوابوو لەبەرامبەر هەر دەسوەردانێکی دەرەکیدا، ئەمریکا پشتیوانییان لێدەکات و لەگەڵیان دەوەستێت، بەڵام ئۆپەراسیۆنی عەفرین ئەوەی بۆ کورد سەلماند کە نابێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت و رایگشتیش لەسەر هەمان بۆچوونن. رووسیا لە سەرەتاوە رایگەیاند کە بەهیچ شێوەیەك قەرزداری کوردەکان نییە، بۆ ئۆپەراسیۆنی عەفرینیش کایەی ئاسمانی خۆی بۆ فڕۆکەکانی تورکیا کردەوە. رووسیا ویستی جۆرێك لە نەبوونی بێمتمانەیی لەنێوان تورکیا و ئەمریکا هەروەها لەنێوان ئەمریکا و کوردیش دروسبکات. رووسیا و ئێران بەردەوام ئەوەیان بەگوێی کوردەکانیان دەچرپاند کە هەرگیز متمانە بە سیاسەتی ئەمریکا نەکەن و پشتی پێ نەبەستن و بە خەیاڵی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی کە ئەمریکا بەڵێنی پێداون هەڵنەخەڵەتێن و باشترین شت بۆ کورد، مافەکانیان لە چوارچێوەی سووریا دەستەبەربکەن و وەك جاران ئاشتببنەوە و لەم سۆنگەیەدا، سیاسەت بکەن. ئەوەی تورکیای هاندا و رێگەی بۆ خۆشکرد بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین، رووسیا بوو. رووسیا وەك چۆن نایەوێ شەڕ لە سووریا کۆتایی پێبێت، هاوکات نایەوێ پرۆسەی ئاشتەواییش سەربگرێت. رووسیا لەرێگەی خوڵقاندنی ئاژاوەگێڕی لە سووریا، بەرەکانی جەنگ و ناکۆکییەکانی فراوانتر و قووڵتر کردووەوە.

ئۆپەراسیۆنی عەفرین هەستی متمانەپێنەکردن بە ئەمریکا و رووسیای زیندووکردەوە. لەنێو کوردانی رۆژئاڤا نەمانی متمانە بەم دوو وڵاتە زلهێزە باو بووە. چونکە سیاسەتی ئەم دوو زلهێزە لەبری خۆشگوزەرانی، بووە مایەی تراژیدیا و شۆکی قورس بۆ سەر خەیاڵی تاکی کورد و ئەزموونی زۆر تاڵیان بەرێکرد. هەروەها بەشێکی زۆری کوردانی رۆژئاڤا، وای بۆ دەچن، ئۆپەراسیۆنی عەفرین دیوێکی دیکەی پشت لێکردنی ئەمریکا و رووسیا و رۆژئاواییەکانە بەهۆی ریفراندۆمی 25ی ئەیلوول کە لە باشوور بەڕێوەچووە. ئەمەش هێندەی دیکە کوردەکانی بەرامبەر ئەم دوو وڵاتە زلهێزە بێهیواکرد.

ئەمریکا پێیوایە هاوئاهەنگیکردنی لەگەڵ هەسەدە، یەپەگە و پەیەدە ناچارییە. ئەو ئەمریکایەی کە پشتیوانی لە هەسەدە دەکات، دەیان ساڵە پشتیوانی لە تورکیا دەکات و بەهۆی تورکیاوە پەکەکەی خستووەتە نێو لیستی تیرۆرەوە. ئەمریکا جیاوازی لەنێوان پەکەکە و هەسەدە دەکات. هەرچی تورکیایە دەڵێت هەسەدە، پەیەدە، یەپەگە سەرجەمیان باڵی سووریای پەکەکەن. بەهۆی بایەخی جیۆستراتیژی و جیۆپۆلیتیکەوە، هەروەها لەسۆنگەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانییەوە، ئەمریکا بەهیچ شێوەیەك دەستبەرداری تورکیای هاوپەیمانی نابێت. بۆ هێشتنەوەی عەبادی لە جڵەوی دەسەڵات، ئەمریکا رۆڵی کوردستانی بێبایەخکرد و ناچالاکی کرد. هەمان شت بۆ تورکیاش

دەکرێت، رۆژێك دەستبەرداری هەسەدە دەبێت لەبەر خاتری تورکیا. پەیوەندی ئەمریکا بە هەسەدەوە بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی داعشەوە سنووردارە. واتە شەڕکردنی کوردەکانی لە ریزی بەرەی ئەمریکا دژبە داعش واتای ئەوە ناگەیەنێت لە داهاتووی سووریادا پێگەیەکی بەهێز بەکورد بدرێت و لە کایەی سیاسیدا رۆڵی باڵایان پێ بدات و ئەمریکا بیانپارێزێت. ئەمریکا و رووسیا دووپاتیان کردووەتەوە کە هیچ بەڵێنێکیان بە کورد نەداوە و بەهیچ شێوەیەك پەیوەست  بە پێدانی بەڵێن لەسەر هیچ پرسێك و بابەتێکەوە نەبوون.

هیچ هۆکارێك نییە، پەیوەندییەکانی کوردی سووریا و ئەمریکا درێژخایەن بکات. پەیوەندییەکانی  ئەمریکا و هەسەدە تایبەتە بە تاکتیکی بەرەنگاربوونەوەی داعش و لەناوبردنی لە ناوچەکەدا. جگە لەم تاکتیکە، هیچ پەیوەستییەکی ئەمریکا بە کورد و هەسەدەوە نییە تاوەکوو گرێدراوی دۆزەکەیان ببێت یان زێدەڕۆیی بکات لە پارێزگاریکردن و پشتیوانیکردنیان. پێویستە ئەمریکا راشکاوانە جەخت بکاتەوە لەوەی بەهیچ شێوەیەك سیاسەتێکی نییە کە خۆسەری بە کورد ببەخشێت لە باکووری سووریا. تورکیا بە پشتیوانی زیاتر لە 20 هەزار چەکداری سوپای سووریای ئازاد، هێرشیکردووەتە سەر عەفرین. پێشتر ئەم سوپایە بۆ شەڕکردن دژ بەرژێمی ئەسەد دامەزرابوو، کەچی بەشداری پێکردنیان لە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فرات و ئۆپەراسیۆنی عەفرین، ئامانجی سەرەکی دامەزراندنی ئەم سوپایە بەلاڕێداچووە و کەوتە دۆخی بەکارهێنەر بۆ دژایەتیکردنی رۆژئاڤا کە لەلایەن تورکیاوە مەشق و راهێنانی سەربازی پێدەکرێت و پڕچەکدەکرێت و پشتیوانیی دارایی لێدەکرێت.

وەك چۆن ئێران، حزبوڵلای لوبنانی بەکاردەهێنێت، تورکیاش بەهەمان شێوە سوپای سووریای ئازاد لە سووریا بەکاردەهێنێت و پلانیشی هەیە لە عێراقیش بەکاریان بهێنێت. ئامانجی ئێستای سوپای سووریای ئازاد دژایەتیکردنی رۆژئاڤا و لەناوبردنی کانتۆنەکان و فیدراڵی باکووری سووریا و بەشداریکردن لەو ئۆپەراسیۆنانەی سوپای تورکیا ئەنجامیدەدات و پشتیوانی سیاسیی کۆماری تورکیا دەکات. لە ئۆپەراسیۆنی عەفرین، چەکدارانی سوپای سووریای ئازاد پێشڕەویدەکەن و سەربازانی سوپای تورکیاش وەك هێزی پشتیوانیی بەدوایاندا دەڕۆن. بەمەش، دەردەکەوێت سوپای سووریای ئازاد بۆ دژایەتیکردنی کانتۆنەکان و فیدرالیزمی کوردانی باکووری سووریا ئەندازیاری کراوە. سوپای سووریای ئازاد لە چەند گرووپێکی چەکداری پێکهاتووە. بۆ ئەوەی ئەمریکا و ئیسرائیل ئەم گرووپە چەکدارییانە نەخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە، تورکیا سەرجەمیانی لەژێر چەتری سوپای سووریای ئازاد کۆکردووەتەوە و خستوونییە ژێر فەرمانی فەرماندەیی سوپای تورکیا و هەموو پێداویستییەکانیان بۆ فەراهەمدەکات.

ئێستا، سوپای سووریای ئازاد بەتەواوەتی لەژێر فەرمانی تورکیادان. تورکیا دەزانێت، بە کۆنترۆڵکردنی عەفرینیش ناتوانێ کۆتایی بە یەپەگە و هەسەدە بهێنێت. بەڵام تورکیا بە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی عەفرین، ئامانجێکی ستراتیژی گرنگ دەستەبەردەکات. تورکیا بەنیازە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی عەفرین، ناوچەکە رادەستی سوپای سووریای ئازاد بکات بۆ ئەوەی لەو ناوچەیە دڵنیاببێت کە چیدی نابێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سنوورەکانی. هەروەها هەر کاتێك بیەوێ، ئەم پێکهاتەیە لەدژی یەپەگە و هەسەدە لە ناوچەکانی دیکەی باکووری سووریاش بەکاردەهێنێت. هەروەها دەبێتە کارتێکی بەهێز لە دەستی ئەنکەرە بۆ دژایەتیکردنی رژێمی سووریا. تورکیا، سوپای سووریای ئازاد بە "قوای میللییە" ناودەبات. ئەم دەستەواژەیە بۆ سوپاکەی کەمال ئەتاتورك بەکاردەهات بەر لە دامەزراندنی سوپای تورکیا کە لە شەڕی رزگاریخوازی تورکیا بەشدارییان کردبوو. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە ئەم هێزە بە هەمیشەیی لەم ناوچانە جێگیردەکرێن و دەسەڵاتی تەواویان پێدەدرێت.

رووسیا، سوپای سووریای ئازاد و دەستەی تەحریری شام بەگرووپی تیرۆریستی دەناسێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لەبەر بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا، چاوپۆشی لە چالاکییە سەربازییەکانیان  لە ئۆپەراسیۆنی عەفرین و ناوچەکەدا دەکات. رووسیا مۆڵەتی بەتورکیا دا، ئۆپەراسیۆن لە سەر عەفرین بکات بۆ ئەوەی لە رۆژئاڤا قەیرانێکی قووڵ و شەڕێکی ئاڵۆز لە ناوچەکەدا سەرهەڵبدات. رووسیا بەمشێوەیە دەیەوێ کورد ناچاربکات لەگەڵ سیاسەتی مۆسکۆ بگونجێن و هاوکات رێگە خۆشبکات بۆ ئەوەی هەژموونی زیاتری بەسەر رژێمی سووریادا بمێنێتەوە. رووسیا دەزانێت بەقووڵکردنی شەڕ و ئاڵۆزییەکان و سەرهەڵدانی قەیران لە رۆژئاڤا، پەیوەندییەکانی تورکیا، ئەمریکا و کورد درزی تێدەکەوێتەوە. بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی خۆی لە سووریا فراوانتر بکات، رووسیا پێویستی بەدۆخێکی ئاڵۆز لەم ناوچەیەدا هەیە.

رووسیا بە رێگەدانی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن بۆ سەر عەفرین، دەیەوێ رێگری لە کورد بکات بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆنفرانسیی سۆچی و سینۆڤا نەکات و نایەوێ کورد نوێنەری لەم کۆبوونەوانەدا هەبێت. ئەمریکاش بەهەمان شێوە ناخوازێ کورد نوێنەری لەم دانوستانانەدا هەبێت. ئەم دوو وڵاتە زلهێزە نایانەوێ، کورد لەرێگەی بەشداریکردنیان لە دانوستانە نێودەوڵەتییەکاندا کێشەکانیان چارەسەربکرێت. ئەم دوو وڵاتە زلهێزە لە رێگریکردن لە کوردانی رۆژئاڤا هاوهەڵوێستن.

تورکیا دەخوازێ، لە گۆڕەپانی سووریادا پێکەوە کاربکەن. تورکیا لەرێگەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، دەیەوێ ئەمریکا هەست بەوە بکات کە کاتی هاتووە دەسبەرداری پشتیوانیکردنی یەپەگە و هەسەدە ببێت. دەیەوێ ناچاری بکات دەست لەم دوو هێزە بەربدات.

ئەم گوشارەی تورکیا بۆ ئەوەیە ئەمریکا هاوسەنگییەکەی خۆی بگۆڕێت و پێچەوانەی بکات بۆ پشتیوانیکردنی تورکیا. تورکیا، ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکات کە پشتیوانی لە دوو گرووپ دەکات کە تورکیا بە گرووپی تیرۆریستی دەزانێت و بۆیە هەڕەشە لە ئەمریکا دەکات بەهێرشکردنە سەر منبج. هێرش بۆ سەر منبج واتە ڕووبەڕووبوونەوەی تورکیا و ئەمریکا. هیچکات ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو هێزە لە پێشبینییەکان و شیمانەکاندا شوێنی نەکراوەتەوە. پێدەچێت ئەمریکا لەبارەی منبج لەرێگەی کەناڵی دیپلۆماسییەوە هەوڵی چارەسەرکردن و هێورکردنەوەی تورکیا بدات. دەزاندرێ ئۆپەراسیۆنی عەفرین بە ڕەزامەندی ئەمریکا و ڕووسیا بووە.

دوای ئۆپەراسیۆنی عەفرین، ئەمریکا و ڕووسیا لە بەشداریکردنی کورد لە دانووستانەکانی جنێڤ مکوڕ دەبن. دوای ئۆپەراسیۆنی عەفرین هەردوو زلهێزەکە سووردەبن لەوەی کوردانی ڕۆژئاڤا لە دانوستانە نێودەوڵەتییەکان بەشداربن و ئەمەش بۆ ڕایگشتیی دەردەخن و دەیکەنە مژاری گەرم.

ئێران تاکە وڵاتە دەتوانێت لە شادەمارەکانی سووریا و عێراق بەویستی خۆی هاوشێوەی خوێن بسوڕێتەوە و هەژموونی خۆی بەئاسانی بسەپێنێت. بۆ ئێران گرنگە ڕژێمی ئەسەد بمێنێتەوە. ئێران پێیوایە دەبێ ڕێکەوتنێکی سیاسی لەنێوان ڕژێمی ئەسەد و کوردانی ڕۆژئاڤا لەدژی زۆرینەی سوننە مەزهەبەکاندا بکرێت. ئێران هێندەی هەولێر نیگەران نییە لەو دەسەڵاتەی پەیەدە لە ڕۆژئاڤا پێکیهێناوە. ئێران و ڕژێمی ئەسەد، لەدژی هەژموونی سوننەگەری تورکیا، دەیانەوێ کانتۆنەکانی کورد لەناونەچن و بمێننەوە. ئێران نایەوێ لە سووریا ڕووبەڕووی هێزێکی هاوشێوەی تورکیا ببێتەوە، بۆیە لە ئاستی ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر عەفرین بێدەنگی نواند. وێڕای ڕەخنەگرتن و سەرکۆنەکردنی، بەڵام بەرەنگاریشی نەبوویەوە و پشتیوانیشی لە هەسەدە نەکرد. ئێران هەوڵدەدات، شەڕی تورکیا ـ ڕۆژئاڤا بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی کوردەکان لە ڕژێمی ئەسەد نزیکبکاتەوە و لەدژی سوننەگەرێتی تورکیا لە ناوچەکە بەکاریان بهێنێت.

یەکێك لە ئاماژە سەرەتاییەکانی هەوڵی نزیککردنەوەی ئەسەد و پەیەدە، بانگهێشتی یەپەگە بۆ سوپای ڕژێمی سووریایە بۆ ئەوەی بچنە عەفرین بە پاساوی پاراستنی سەروەری و ئاسایشی سنوورەکانی. یەکێك لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، قوڵبوونەوەی زیاتری دوژمنایەتی نێوان تورکیا و سووریایە. لە ئەگەری قوڵبوونەوەی زیاتری قەیرانی تورکیا و سووریا و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی نێوانیان، ڕووسیاش ئەستەمە بتوانێت دۆخەکە کۆنترۆڵبکات. خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ئیسرائیلی، ویستێکی دەسەڵاتی دیمەشق دەردەخات بۆ ئەوەی بەتەنیا ڕەفتار بکات بەبێ ئەوەی فەرمانی پێبکرێت. دەسەڵاتدارانی دیمەشق پێیانوایە، ئۆپەراسیۆنی عەفرین، هەلودەرفەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی ناوچەکانی ڕۆژئاڤا لەسەر سینییەکی زێڕین پێشکەشیان بکرێتەوە و دوبارە بخرێنەوە ژێر هەژموونیانەوە.

تورکیا بەهیچ شێوەیەك ناخوازێ ڕووبەڕووی زلهێزەکان ببێتەوە. باشترین نموونە، کاتێك تورکیا فڕۆکە جەنگییەکەی ڕووسیای لە سنووری سووریا خستەخوارەوە، پێی باش بوو خۆی ببێتە خاوەن ڕۆڵێکی بەهێز لە سووریا و کارتی بەکارهێنانی هەبێ، بۆیە دەستی بە دانوستان و ئاشتبوونەوە لەگەڵ مۆسکۆ کرد نەوەك ڕووبەڕووبوونەوەی. تورکیا سیاسەتی بەهاوسەنگ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان جێبەجێدەکات لەگەڵ ڕووسیا، ئەمریکا، چین و ئێران. تورکیا بەخۆ نزیککردنەوەی لە ڕووسیا دەیەوێ ئەمریکا لە خۆی نزیکبکاتەوە. تورکیا دەزانێ ئەمریکا بەنیازی ئەوەیە ئێران بەهیچ شێوەیەك ڕۆڵی لە سووریا نەمێنێت، لەم سۆنگەیەوە تورکیا هەوڵدەدات مەرجەکانی خۆی بەسەر ئەمریکادا بسەپێنێت بۆ ئەوەی هاوکاری بێت لە پێکانی ئامانجەکەی و لەم نێوەندەشدا دەیەوێ لە باکووری سووریا پشکی خۆی وەربگرێت.

بەبۆچوونی ڕووسیا، وەك چۆن ئۆپەراسیۆنی عەفرین دەبێتە هۆکاری دوورخستنەوەی تورکیا لە ئەمریکا و کورد، بەبۆچوونی تورکیاش ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەمریکا ملکەچ بە سیاسەتی تورکیا لە ناوچەکەدا دەکات. وەك چۆن ئێستا تورکیا لە ڕووسیا نزیکە، بەڵام بەنزیکبوونەوەی ئەمریکا لە تورکیا لەناو گۆڕەپانی سووریادا، ڕووسیا لە تورکیا دووردەکەوێتەوە. هۆکاری مۆڵەت پێدانی ڕووسیا بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین، بۆ ئەوەیە کە نێوانی تورکیا و ئەمریکا گرژی زیاتری تێبکەوێت و قەیرانەکانی نێوانیان فراوانتر ببێت. لەرێگەی ئۆپەراسیۆنی عەفرینەوە، ڕووسیا تورکیا دەکاتە دیلی بەردەستی خۆی. بەڵام تورکیا کارتی ڕووسیا لەدژی ئەمریکا و ناتۆ، هەروەها کارتی ئەمریکاش لە دژی ڕووسیا و کارتی سوپای سووریای ئازاد و گرووپەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لەدژی ڕۆژئاڤا بەکاردەهێنێت. تورکیا لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی عەفرینەوە هەوڵدەدات ئەوە بسەلمێنێ کە بەبێ تورکیا ناکرێت هیچ سیناریۆیەك لە سووریا بکرێت یان تێکبدرێت.

لەوەتەی قەیرانی سووریا هەیە، ڕووسیا هەموو هەوڵ و توانا سەربازیی و دیپلۆماسییەکانی خستەگەڕ بۆ ئەوەی ڕژێمی سووریا لەسەر پێ بمێنێتەوە و کۆتایی بەو ڕژێمە نەیەت. بەڵام لە ئاست ئۆپەراسیۆنی عەفرین هەم بێدەنگی نواند هەم ڕۆڵی نێوەندگیری دەدات. ڕووسیا سزای کوردانی ڕۆژئاڤا دەدات چونکە عەفرینیان ڕادەستی دیمەشق نەکرد و هەروەها لەگەڵ ئەمریکییەکان هاوپەیمانی و دۆستایەتییان پێکهێنا و هاوکات دەیەوێ کەلێنەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکاش فراوانتر بکات. ڕووسیا گەمەیەکی فرەڕەهەند ئەنجامدەدات. گەمەیەکی سیاسی بۆ ئەوەی هەموولایەك دیلی دەستی ڕووسیا بێت و خۆیشی پابەند و پەیوەست بەهیچ هێز، لایەن و وڵاتێکەوە نەبێت. هەر بۆیە ڕێگەی بە تورکیا دا ئۆپەراسیۆن لەسەر عەفرین بکات.

مۆسکۆ، ئەنکەرە و دیمەشق بەهۆی ئەوەی ئەمریکا تاکە یاریکەری گۆڕەپانی سووریایە کە ڕۆڵی نێوەندگیری بۆ کورد دەگێڕێت، دڵگرانن. دەیانەوێ بەپێی ئەم پێشهاتەوە سیاسەتێکی گونجاو بخەنەگەڕ و لە یەکدی نزیك ببنەوە. رووسیا وای بۆ دەچێت، بە سەرهەڵدانی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، هەلێکی دیپلۆماسی بۆ رەخساوە. ئۆپەراسیۆنی عەفرین ڕێگری لە پەیەدە کردووە خۆی لە یەکێك لەم سەنتەرانە نزیك بکاتەوە. پەیەدە هەوڵدەدات لەڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی چڕ، لە داهاتوودا بگاتە ئامانجێك کە لە دانوستان و گفتوگۆیە نێودەوڵەتییەکاندا بەشداربێکات و قەبارەی نوێنەرایەتییەکانی زیاتر بکات. ئۆپەراسیۆنی عەفرین وا لە رژێمی سووریا دەکات ئەم ناوچەیە بە چاوی بیانی سەیربکات. بەرپرسانی پەیەدە رووسیایان بە خیانەتکار و رژێمی سووریاش بەوە تۆمەتبار دەکەن کە هەوڵی نەدا سەروەری و یەکپارچەیی خاکەکەی بپارێزێت.

لە قۆناخەکانی داهاتوودا رەنگە دیمەشق و مۆسکۆ هەوڵەکانییان چڕبکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگری  لە درێژەدان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا بکەن و هەوڵبدەن پەیەدە بخەنە نێو بەرەکەیانەوە. بەمەش ئەمریکای زلهێز بەدەست بەتاڵی دەمێنێتەوە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردانی رۆژئاڤا. تورکیاش بۆ ئەوەی کوردانی رۆژئاڤا لەدەرەوەی هاوسەنگی سووریا بهێڵێتەوە، هەموو هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ. تورکیا بەهەموو شێوەیەك لە ڕێگریکردن لە کوردانی رۆژئاڤا بەردەوامدەبێ بۆ ئەوەی لە گفتوگۆ و دانوستانەکانی جنێڤ، ئاستانە و سۆچی بەشدارنەبن. هەرچی رووسیا و ئەمریکایە، بۆ ئەوەی تورکیا بەرەو لای خۆیان رابکێشن، ئەوانیش یاری سیاسیی خۆیان دەکەن بۆ ئەوەی ناچاری بکەن ویستەکانی خۆیان بەسەریدا بسەپێنن.

تورکیا دەیەوێ بەهەموو شێوەیەك هێرش بکاتە سەر هەموو ئەو ناوچانەی پەیەدە دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێتەوە. تورکیا دەیەوێ پشتیوانی رووسیا و ئەمریکا بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر یەپەگە و پەیەدە. لەوەتەی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی عەفرین، ئەمریکا بەردەوام پەیوەندییەکانی نێوان پەیەدە و رووسیا تاقیدەکاتەوە، چونکە بەردەوام گومانی هەیە. بۆیە ئەمریکا وەك دینامیکێکی سەرەکیی، دوای ئۆپەراسیۆنی عەفرین سیاسەتی نوێی خۆی دادەرێژێتەوە و ئاراستەیدەکات بۆ مانەوە یان نەمانەوەی لە گۆڕەپانەکەدا. رووسیاش دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوو لە بەهێزکردنەوەی سووریا و گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەتوانێ سوپای رژێمی سووریا دۆخەکە یەکلاییبکاتەوە، ئەوسا سەرکەوتنی بەرەکەی خۆی و کۆتایی هاتنی قەیرانی ناوخۆی سووریای راگەیاند.

ئیسرائیل، هێشتا پێیوایە قەیرانی سووریا کۆتایی پێنەهاتووە، چونکە نەیتوانییوە هەژموونی ئێرانی لە ناوچەکەدا بشکێنێت و کۆتایی پێبهێنێت. ئەمریکا پێیوایە هێشتا پێگەی لاوازە لە سووریا و نەگەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە ببێتە تاکە لایەنی بەهێز لەم گۆڕەپانەدا. تورکیاش پێیوایە هێشتا زۆر شت ماوە لە گۆڕەپانی سووریا ئەنجامیبدا، بۆیە سوپاکەی خستووەتە ئامادەباشیەوە بۆ ئەوەی تەواوی سنوورەکانی خۆی لە سووریا تا دەگاتە عێراق بپارێزێ و درێژە بە ئۆپەراسیۆنەکانی بدات. قەیران و شەڕی سووریا بووەتە شەڕی رۆژئاڤا. هەموو یاریکەرە سەرەکییەکان دەزانن ئەگەر لە شەڕی رۆژئاڤا سەرکەوتوو نەبن لە شەڕی سووریا سەرکەوتوو نابن. ئۆپەراسیۆنی عەفرین قۆناخێکی نوێی بەرەی شەڕ لە سووریا کردووەتەوە. هەموو لایەنەکان بەپێی پێشهاتەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنە، بە سیاسەتی خۆیاندا دەچنەوە. بۆیە لە ئێستاوە هەوڵەکان چڕ کراونەتەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسایەتییانە دیاریبکرێن کە لە کۆبوونەوەکانی سۆچی بەشدارییان پێدەکرێت. بەڵام هەرگیز ناتوانرێت باس لە سەقامگیری و ئاسایشی سووریا بکرێت ئەگەر شەڕی عەفرین و رۆژئاڤا یەکلایینەکرێتەوە و کۆتایی پێنەهێندرێت.

هێزە نێودەوڵەتییەکان بەپشتیوانی هێزە هەرێمییەکان و گرووپە چەکدارە نێوخۆییەکانی سووریا راستەوخۆ  لە شەڕ و قەیرانی سووریا بەشدارن. خستنەخوارەوەی فڕۆکەی ئیسرائیلی لەلایەن ئێرانەوە، خستنە خوارەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی و بۆردومانکردنی بنکەی سەربازیی رژێمی سووریا لەلایەن ئیسرائیل، بۆردومانکردنی رژێمی سووریا لەلایەن ئەمریکا بەهۆی بۆردومانکردنی هێزەکانی هەسەدە و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە، ئاماژەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ ئەوەی قەیران و شەڕی ناوخۆیی سووریا درێژەدەخایەنێت، بەڵام بەدیوێکی دیکە کە ئەویش دیوی رۆژئاڤایە.

هەڵەیە بیر لەوە بکەیتەوە ئەمریکا و رووسیا کێبڕکێی یەکدی دەکەن بۆ ئەوەی پشتیوانی کوردەکان بەدەستبهێنن. ئەم دوو وڵاتە زلهێزە تاراددەیەك پشتیوانی کورد دەکەن بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان بەجێبگەیێنن. کێبڕکێی راستەقینە و سەرەکی ئەم دوو زلهێزە، بۆ ئەوەیە کامەیان هەژموونی خۆیان بەسەر دەریای سپیدا بسەپێنن. کورد و رۆژئاڤا هیچ هاوپەیمان و دۆستێکی نییە. بەڕاشکاوی دەیڵێم، زلهێزەکان و هێزە هەرێمییەکان پاساو و بیانوو دەدۆزنەوە کە چۆن دژایەتیی هەمیشەیی کورد بکەن. ئەوان دەخوازن لەڕێگەی شەڕ و کوشتارەوە بۆ چەندین ساڵی داهاتوو درێژە بە بەرژەوەندییەکانیان بدەن. ئۆپەراسیۆنی عەفرین ئاماژەیەکی راستەوخۆیە کە لە رۆژئاڤا شەڕ درێژەی پێدەدرێت و بۆ ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت.

لینکی  لێکۆڵینەوەکە:

عەفرین لە شەڕی سوورياوە بۆ شەڕی رۆژئاڤا